نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری نێتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کۆبوونەوە



ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە مەحەممەد ئەلحەسسان، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیە یەکگرتووەکان لە عێراق و بەڕپرسی نوێی تیمی نەتەوەیە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا و دۆخی پێکهاتەکان، بەتایبەتی ئێزدییەکانیان خستە باس و نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی هاوکاریی نەتەوەیە یەکگرتووەکانی بۆ کەمپینی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد.

دەربارەی کێشەکانی هەولێر – بەغداش، سەرۆکی ماوە بۆ درێژکراوی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە تاکە چارەسەر جێبەجێکردنی تەواوەتیی دەستوور و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی عێراقە، هەروەها باشکردنی دۆخی ئێزدییان و گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکانیان و گەڕانەوەی ئاوارەکانیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بە پێویست و گرنگ لە قەڵەم دا.